هەواڵ

رانیە: دزی لە ماڵێک دەکرێ

شەوی 2007/11/15-14 لە گەرەکی ئەندازیارانی شاری رانیە دز دەچێتە سەر ماڵی وڵاتی (ئە.ع) 450 دۆلار و 12 مسقاڵ زێر دەدزێ، تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە تۆمەتبارەکە ئاشکرا نەبووە.

لەسەر لەوەڕگە کەسێک لێی دەدرێ

شەوی 2007/11/14 پێنج کەس لە (س. حەمەد) دەدەن، ناوبراو تەمەنی 34 ساڵە، دانیشتووی گوندێکی دەڤەری راپەرینە.

بەگوێرەی زانیاریەکان بەشێوەیەکی درندانە لێی دەدەن، کە لەهۆش خۆی دەچێ، وازی لێدەهێنن، دواتر کەسوکاری بەهانایەوە دەچن و بۆ نەخۆشخانەی رانیە دەیگوازنەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو گۆبەندە لەسەر لەوەڕگە بووە.

بەخەنجەر کچێک بریندار دەکرێ

ڕۆژی 2007/11/14 لە شارۆچکەی چوارقورنە کەسێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی (م.س) بە خەنجەر لە کچێکی تەمەن 24 ساڵ کە ناوی (ل.ع) دەدات و بە سەختی برینداری دەکات، بەوهۆیەوە برینداریەکە رەوانەی نەخۆشخانەی رانیە دەکرێ. برینداریەکە سکاڵای لەدژی تۆمەتبارەکە تۆمار کردووە،خەڵکی ناوچەکە ئەو رووداوە بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەگێڕنەوە.

چیوە: فێرخوازان لە دوای شەشەمی سەرەتایی لە خوێندن بێبەش دەبن

تایبەت بە رۆژی گەل: بەهۆی ئەوەی گوندی چێوەی دەڤەری خۆشناوەتی فێرگەی ناوەندی تێدانیە، ئەو فێرخوازانەی کە خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکەن، دەبێ بچن بۆ گوندی مێرگەسەر کە چەند کیلۆمەترێک لێیانەوە دوورە، هەروەها هەریەکەیان دەبێ مانگانە سی هەزار دینار بە مامۆستایانی وانەبێژ بدەن، ئەمەش بۆ بنەماڵەی فێرخوازەکان زۆرە، بۆیە دوای تەواوکردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی فێرخوازانی گوندی چێوە بەناچاری دەست لە خوێندن هەڵدەگرن و ناچار دەبن لە ماڵەوە دابنیشن، ئەمەش نیگەرانی و هەراسانی بۆ دایک و باوکان دروست کردووەو پێیان ناخۆشە کە داهاتووی منداڵەکانیان بە نادیاری و نەخوێندەواری بمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی خۆیان داوە کەچی بێ وەڵام ماوەتەوە.

دزی لە کتێبخانەی قەڵادزێ دەکرێ

شەوی 2007/11/12 دزی لە کتێبخانەی گشتی قەڵادزێ دەکرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو شەوە چەند دزێک دەچنە سەر کتێبخانەی گشتی قەڵادزێ موەلیدە و پانکە و ماتۆری ئاوی کتێبخانەکە دەبەن، کە بە 3500 ملیۆن دینار دەخەملێندرێ، خۆشبەختانە دوای دوو رۆژ دزەکان دەستگیر دەکرێن و رادەستی دادگە دەکرێن.

شەقڵاوە: ژنێک دەسووتێ

ڕۆژی 2007-11-14 ژنێکی تەمەن 43 ساڵ بە ناوی (خ.ع) دانشتووی شارۆچکەی شەقڵاوە لە جیاتی نەوت لە زۆپا بکات بەنزینی تێدەکات، بەوهۆیەوە زۆپاکە کڵپە دەکات و ئاگر لە جەستەی ژنەکەو لەماڵەکە بەردەبێ، بەڵام دراوسێکانی بەهانایەوە دەچن و بە پەلە رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری هەولێری دەکەن.

تەقتەق: کچیک دەسووتێ

ڕۆژی 2007-11-13 کچیکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (د. ئی) دانیشتووی ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە بەئاگری پرێمز سووتا.

بەگوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکە فێرخوازی قۆناغی ناوەندی بووە، گوایە لەکاتی ئاگر کردنەوەدا پرێمز کڵپەی دەکات، بەوهۆیەوە ئاگرلە جەستەی بەردەبێ و بە بەرێژەی 80% دەیسووتێ، هەرچەندە کە دەگەیێنرێتە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری هەولێر، بەڵام بەهۆی زۆری سووتانەکەیەوە ڕۆژی 2007-11-15 گیان لەدەست دەدات.

لاوێک دەسووتێ

ڕۆژی 2007-11-12 لاوێکی تەمەن 15 ساڵ، دانیشتووی گوندی (ماری دیان) بە ناوی (س.ع)لە ماڵەکەی خۆیاندا دەسووتێ، بەداخەوە بەهۆی سەختی سووتاویەکەی گیان لەدەست دەدات.

بەگوێرەی قسەی نزیکانی هیچ کێشەیەک لە ئاراداناەبووە، بۆیە هۆکاری سووتانەکەی نازانرێ، گومانیش ناکرێ کە بۆخۆی خۆی سووتاندبێ.

پیرمام: سێ ئۆتۆمبێل دەسووتێندرێن

کاتژمێر 1.30ی 2207-11-16 چەند کەسێکی نەناسراو هەڵدەکوتنە سەر ماڵی سێ برا بەناوەکانی (عوسمان حەیدەر،نەوزاد حەیدەر،بورهان حەیدەر) کە ماڵەکانیان لە گەرەکی (ناو قۆخان)ی شارۆچکەی پیرمام دایە، سێ ئۆتۆمبێلی ئەو ماڵانە دەسووتێنن.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسانە سەرەتا هەر سێ ئۆتۆمبێلەکە دەبەن، دواتر هەڵیان دەدێرن ، بەنزینیان پێدادەکەن و دەیانسووتێنن. رۆژی دوای هەرسێ ئۆتۆمبێلەکە بە سووتێندراوی دەدۆزرێنەوە، ئەمەش نارەزایەتی لێدەکەوێتەوەو لە ئاسایش سکاڵا تۆمار دەکرێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان تا ئێستا شوێن پێی تۆمەتباران هەڵنەگیراوەتەوە، تۆمەتباران نەناسێندراون و دەستگیر نەکراون، ئەمەش دڵەراوکێی لەنێو دانیشتووانی شارەکە دروست کردووە، چونکە پیرمام تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەتووندی لەژێر چاودێری دایە، کەچی نەتوانراوە ئەو تاوانە ئاشکرا بکرێ.

زەڵێ: جامی خانووەکانی سەرکۆمار دەشکێندرێن

رۆژی 2007-11-13 دز دەچێتە سەر ماڵی مامۆستایانی گوندی (زەڵێ)ی دۆڵی پشدەر، سەرجەم جامەکان دەشکێنن و ماڵەکانیان دەپشکنن، بەڵام لەوکاتەدا مامۆستاکان لەوێ نەبوونە، لە سەردانی کەسوکاریان دابوونە.

جێگەی ئاماژەیە ئەو خانووانەی کە مامۆستاکانی تێدان پێشتر خانووی سەرۆک تاڵەبانی بوونە، بارەگای تایبەتی بەرێزیان بوونەو پێشکەش بە مامۆستایانی گوندەکە کراون، بۆیە ئێستاش لە نیو خەڵکی ناوچەکەدا هەر بە خانووەکانی مام جەلال دەناسرێن.

سۆران: دە بەڕێوەبەر لەسەر کار لادەدرێن

رۆژی 2007-11-13 بە ئیمزای مامۆستا محەمەد سالح بەرێوەبەری پەروەردەی سۆران، بەرێوەبەری دە فێرگەی سەرەتای لەکار لادراون و بۆ شوێنی دیکە گواستراونەتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەرچەندە کە هەموو بەرێوەبەرەکان ئەندامی حزبی دەستەڵاتدارن و پلەی بەرپرسیارێتیشیان هەیە، بەڵام لەکاتی هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئەو دە کەسە دەنگیان بە کاندیدێک نەداوە کە حزب ویستویەتی دەربچێ، هەروەها هەندێک لەوان لە "زاگرۆس تی ڤی" یەوە باسیان لە کەموکووڕیەکانی فێرگەکانیان کردووە، بەوهۆیەوە لەکارەکانیان لادراون و پۆستەکانیان کەم کراوەتەوە.

سەردانەکەی وەزیری پەروەردە بۆ چەمچەماڵ گلەیی لێ دەکەوێتەوە

لە هەفتەی رابرودودا بەرێز **دڵشاد عەبدولڕەحمان** وەزیری پەروەردە بە سەردانێکی کتوپڕ گەیشتە شاری چەمچەماڵ و سەردانی دیوانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ و هەندی شوێنی دیکەی شارەکەی کرد. جێگەی ئاماژەیە کە سەردانەکەی جەنابی وەزیر باشتر دەبوو ئەگەر پێشتر بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ ئاگاداری بەرێوەبەری فێرگەکانی بکردبایەوە و ئەویش لە هۆڵێکدا کۆبونەوەی لەگەڵدا بکردبان، چونکە کۆمەڵی کێشەی بینای فێرگەکان و نارێکی سیستەمی پەروەردە لەو شارەدا هەیە، مەگەر لە کۆبونەوەیەکی روبەرودا بە جەنابی وەزیر بگات ئەگینا کەسێکی ئەوتۆ نییە وەکو خۆی بە دڵسۆزیەوە بیگەیەنێ. ئەوەتا پەروەردەی چەمچەماڵ ئەویان بردوە بۆهەندێ قوتابخانە کە ڕەنگە نەک هەر کێشەیان نەبێ بەڵکو زیاد لە پێویستیان بۆ کرابێ، کەچی لە فێرگەکانی دیکە دا دەیان کێشەی نەبوونی بینا و نەبوونی کارگوزار و خراپی کارەبا و خراپی ئاوی خواردنەوە، نەبوونی خزمەتگوزاری، تەندروستی و پەروەردەیی کە لە فێرگەکانی ئەو شارە دا کەڵەکەبوونە، مامۆستا خۆی نوسەرە خۆی کارگوزارە، خۆی پاسەوانە، کەچی وەک ئاشی نەزان خوا دەیگێرێ و وەزیرش لێی ئاگادارناکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێستا کۆمەڵێ گلەیی و گۆتەگۆت لە ناو مامۆستایان و بەرێوەبەرەکاندا لەسەر ئاگادارنەکردنەوەیان لە هاتنی جەنابی وەزیر پەیدابووە، هیوادەخوازن جارێکی تر جەنابی وەزیر سەردانیان بکات وگوێیان لێ بگرێ.

لە رەفتاری مێردەکانیان بێزار دەبن و لەداخی ئەوان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن

ڕۆژی 2007-11-12 ژنێکی تەمەن 31ساڵ بە ناوی(د.ع)، دانیشتووی کۆمەڵگەی (شاوێش)ی نزیک شاری هەولێربەهۆی ئەوەی مێردەکەی ژنی بەسەر هێناوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێ، بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەیەوە گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی 2007-11-13 ژنێکی تەمەن 34 ساڵ، بەناوی"ش.ع" دانیشتووی شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری لەرقی مێردی لەماڵەکەی خۆیاندا هەوڵی خۆکوشتن دەدات، بە دەمانچەی مێردەکەی گوللەیەک لەخۆی دەدات و خۆی بریندار دەکات. بەڵام لەلایەن کەسوکاریەوە رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، ئەو ژنە راشکاوانە بە پۆلیسی راگەیاندووە کە لە رقێ مێردەکەیەوە هەوڵی خۆ کوشتنی داوە، چونکە ماوەیەکە بەبێ هۆیەکی دیاریکراو مێردەکەی ئازاری دەدات و لێی دەدات، چەند جارێکیش هەوڵی کوشتنی داوە، بۆیە ئەویش لەژیان بێزاربووەو هەوڵی خۆ کوشتنی داوە.

ئەو ژنە بە پۆلیسی راگەیاندووە کە جارێکیان دراوسێکانی لە کوشتن رزگاریان کردووە کاتێک کە مێردەکەی ویستویەتی بە دەمانچە بیکوژێ.

جێگەی ئاماژەیە کە لەساڵانی رابردوودا دەیان روودداوی دڵتەزێنی لەو بابەتە روویانداوەو ژنان لە رەفتاری مێردەکانیان بێزار دەبن و لە رقی ئەوانەوە هەوڵی خۆکوشتن و خۆ سووتاندن دەدەن، بەڵام تا ئێستا هیچ ریگەچارەیەکی گونجاو بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانانە هەڵنەگیراوەتەوە، تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش خۆی بە بەرپرسیار نازانێ.

هەواڵی سەیر

یەس ڕاپۆرت

دیاردەی کورد کوشتن لەلایەن شوانی عەرەبەوە لە کوردستان روو لە زیادبوونە. ئەمەش بۆ زۆربوونی هاتنی ژمارەی عەرەب بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە چونکە شوانە کوردەکان ئامادە نابن بە مانگانەیەکی کەم شوانێتی بکەن، ئیدی مەڕدارو خاوەن ئاژەڵەکان دەچن کرێکاری عەرەب دەهێنن، بەڵام هەندێ لەو شوانە عەرەبانە کاری زۆر خراپیان دەرهەق بەو خاوەن ماڵانە کردووە، هەر لە دزی و داوێن پێسی و کوشتن و هێنانی رەفتاری نەشیاو بۆ ناو خێزانەکان. کارەساتی گوندی وێڵەی ناوچەی قادرکەرەم کە بە دەستی شوانێکی عەرەبەوە رووویداوە زۆر ترسناک و سامناکە، ئەو شوانە زۆر بێ ویژدانانە 5 کەس کە سێ ژن و دوو پیاو لە خێزانی (س.ت)لە ناو ماڵی خۆیان گوللە باران دەکات و هەموویان دەکوژێ، پاشان هەموو پارە و زێرەکانیان دەبات و دەروات، دیاردەی زۆربوونی عەرەب لە کوردستان بەرچاوە، بۆیە هەقە حکومەت چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە.

لە نەخۆشخانەی (ئازادی) شاری کەرکوک جۆرێک لە بێ سەروبەری بەرچاو دەکەوێ، هەندێ جار کەس بە کەس نییە ڕۆژی2007/11/13 وڵاتی (ک.م) لە بەشی تیشک لەگەڵ ژنێکی تورکمان بەشەڕی، ژنەکە بەسەریدا دەقیژێنی و جنیوی ناشیرینی پێدەدات، کەچی هەر خۆشی پۆلیس بانگ دەکات. بەوهۆیەوە هەردووکیان بۆ ژووری ئەفسەر دەبەن، سەرەتا بە پیاوەکە دەڵێن تۆ ئاژاوە چیت و دەبێت زیندانی بکرێیت بەڵام پیاوەکە زیرەکانە رووداوەکەیان بۆ روون دەکاتەوەو تێیان دەگەیەنێ کە کێشەکە لەسەر ئەوەیە کە لە جیاتی ئیشاعەکەی خۆی ئیشاعەی یەکێکی تری پێدراوە و دەڵێت نە دەیگۆرم نەبۆشی دەگەڕێنمەوە .دواتر داوای لێبوردن لە پیاوەکە دەکەن و بە کارمەندێکی تر دەڵێن تیشکی بۆ بگرێت .

لە پەروەردەی چەمچەماڵ فەرمانێکی کارگێری تایبەت بە گواستنەوەی چەند مامۆستایەک دەرچووە بۆ سلێمانی، لە ناو هەموویاندا تەنیا دەست بەکار بوونی مامۆستا پەخشان محەمەد نەکراوە گوتویانە دەبێت بچێتەوە فەرمانێکی تر بهێنێتەوە، ئەمیش دەڵێ ئەی ئەوەنییە دوێنێ هاورێکانم بە هەمان نوسراو لێرە ئێوە بۆیاتان کردوون، ئەی بۆچی ئەوەی من ناکەن!؟ فەرمانبەرەکە پێی دەڵێت دوێنێ لەگەڵ دوێنێ رۆی، ئەو کەسەی دوێنێ کردی ئەمرۆ مۆڵەتەو من نایکەم، کە دەگەڕێتەوە بۆ چەمچەماڵ پێیدەڵێن دادە تۆ لای ئێمە نەماوی و نابێت نوسراوێکی دیکەت بۆ بکەین. زۆر سەیرە تۆ بڵێیت یاسا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکە بگۆڕێت.

لە هەفتەی رابردوو ژمارەیەک ماڵی ناحیەی سەنگاو لەلایەن لیژنەی مادەی (140)دە ئاگادار کراونەتەوە کە وێنەیەکی قەیدەکەیان بهێنن بۆ مامەڵەی پارە وەرگرتن و ئەمانیش دەیبەن و پێیان گوتون کە چاوەروان بن ئێوە لە وەجبەی نزیک دان بۆ پارە وەرگرتن. سەیرە ئەوەیە سەدان خێزان لەناو کەلاوەکانی پەنجاعەلی و سەربازگەی فەیلەق کەوتوون و لە هەموو کەس لەپێشترن و هیچیان بۆ نەکراوە ، کەچی ئەوانی دیکە لە ماڵی خۆیانن لە شۆرش و سەنگاو مامەڵیان بۆ دەکەن!

تیرۆریستێکی عەرەب کە لە بنکەی (عروبە)ی شاری کەرکوک دا زیندانی بوو، چەند شەوێک لەمەوبەر بەبێ ئەوەی هیچ دەرگەو پەنجەرەیەک بشکێنێ هەڵاتووەو دەربازی بووە، بۆ بەیانی ئەفسەری ئێشگری ئەو شەوە کە ناوی (خ)یە دەستگیر دەکرێ، تا ئێستا لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە بە گومانی ئەوەی ئەمان ریخۆشکەریان بۆ کردبێت لە زیندان دایە. گوایە لە ریگەی دابین کردنی وێنەیەک لە کلیلی زیندانەکە توانیویەتی رابکات .

جێگەی ئاماژەیە کە دیاردەی خۆخزاندنە ناو دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئەمنیەکانەوە لە لایەن تیرۆرستانەوە لە عێراق بە روونی هەستی پێدەکرێت.

زانکۆی سانت کلیمێنتس کە لەسەرتاسەری عیراق دا زیاتر لە6550 فێرخوازی هەیە، لە کوردستان رێگەی لێدەگیرێ و دان بە بڕوانامەکەی دانانرێ، هەرچەندە فێرخوازانی ئەو زانکۆیە رێپێوان و خۆپێشاندان دەکەن کەچی وەڵامیان نادرێتەوە، لەم رۆژانەدا هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە لبنانیەکان مۆڵەتیان وەرگرتووە لێرە فێرگەو پەیمانگەو زانکۆ بکەنەوە، نازاندرێ کە ئایا ئاستی زانستی و رۆشنبیری لبنانیەکان لەهی مامۆستاکانی زانکۆی سانت کلیمنتس بەرزترە یان ژێراوژێر کاری بۆکراوە؟! سەیر لەوەدایە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا کار بۆ ئەوەدەکات کە ساڵی داهاتوو تەنیا 60%ی دەرچووانی ئامادەییەکان لە زانکۆکانی کوردستان دا وەربگرێ، هەروەها حکومەت و خوێندنی باڵاش کار بۆ ئەوە دەکەن کە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکان لەکۆڵ خۆیان بکەنەوەو فێریان بکەن کە بۆ خۆیان کار بدۆزنەوە!! ئەم پلانە لەدەست پێکدا هاوێرکاری و نارەوایە، چونکە حکومەت کاتێک دەتوانێ کارێکی وا بکات ئەگەر پێشتر دامەزراوەی تایبەتی بۆ کار پەیداکردن پێکهێنابێ و بیمەی بێکاری دابین و مسۆگەر کردبێ.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com